دکتور سا لح ئیبراهیمی



## سوورەی عەسر

**سوورەی عەسر لە مەککە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ٣ ئایەتە**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵاوێن.

سوێند بە ڕۆژگار ﴿١﴾ کە بەڕاستی هەموو ئینسانێک لە زیان و پوان و سـواندایە ﴿٢﴾ مەگەر کەسانێ کە بڕوایان هێناوە و کاری چاکیان کردووە و یەکتریان بـۆ هەق ڕاسـپاردوە و یەکتریـان بۆ تابشتهێنان و خۆڕاگرتن ڕاسپاردوە ﴿٣﴾

## سوورەی هومەزە

**سوورەی هومەزە لە مەککە و بە (بسم‌الله)وە ٩ ئایەتە**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵاوێن.

وای بۆ هەر عەیبگیر و خوسپکەر و بەتوانج و تەشەرێ ﴿١﴾ ئەو کەسەی کە ماڵی خڕکـردەوە و بژاردی (بێ ئەوەی ڕەوا و ناڕەوا لێـک بکـاتەوە ﴿٢﴾ وا دەزانـێ کە مـاڵەکەی بـۆ هەمیشـە دەیهێڵێتەوە، لە مردن دەیپارێزێ ﴿٣﴾ وا نییە کە بیری لـێدەکـاتەوە، تـووڕ هەڵئەدرێـتە نێـو حوتەمە ﴿٤﴾ تۆ چووزانی چوتەمە چییە؟ ﴿٥﴾ ئاگری هەڵکراوی خوایە ﴿٦﴾ ئەوەی کە لە نێو دڵ و دەروونەوە بڵێسـە دەکـا و سـەرهەڵئەدا ﴿٧﴾ ئەم ئاگرەمـان بەسـەرا گـاڵە دراوە ﴿٨﴾ لە ستوونی ئاگری ڕاکێشراو و پڕ بڵێسە ﴿٩﴾

## سوورەی فیل

**سوورەی فیل لە مەککە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ٥ ئایەتە**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵاوێن.

ئایا نەتدیوە (زانیوە) کە پەروەرێنەرت لەگەڵ خـاوەن فیلەکـان چـی کـرد چ پەنـدێکی بەسـەر هێنان (ئەبرەهە بە سواری فیل هات کابە بروخێنێ کە ئەو ساڵە بە ساڵی فیل نـاودارە) ﴿١﴾ ئایـا پیلانـی ئەوانی هەڵنەوەشـاندەوە؟ ﴿٢﴾ پـۆل پـۆل باڵنـدەی نـاردە سـەریان ﴿٣﴾ تـا بە دەردی کـایەکی پەڵخوری خوراوی بردن ﴿٥﴾



Dr. Saleh Ebrahimi